کوردستان ... یەکێتی زانایانی ئاینی داوا لەهاوڵاتیان دەکات ئاسانکاری بە مارەیی ئافرەتان بکەن



ئەمە یەکشەممە ، یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان داوای لە هاوڵاتیان کرد، ئاسانکاری بە مارەیی ئافرەتان بکەن و ڕێچاوی بارودۆخ و قەناعەکە بکەن.

لە پەیامەکەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستاندا هاتووە، بەهۆی ئەوەی ئێستا نرخی زۆر زۆر بەرزبووتەوە و ڕۆژ بەڕۆژیش نرخەکە زیاتر بەرزدەبیتەوە، داوا لە هاوڵاتیان دەکەن کارئاسانی بە مارەیی بکەن، ئیسلام بە مارەیی هیچ ئەندازە و شتێکی دیارینەکردووە، بەکو هەر شتێکی گونجاو و شایستە ئاسایی بکرێتە مارەیی مەرج نییە تەنها زێڕ بێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، گیانی هاوکاری و یارمەتیدان و ڕێچاوکردنی خزمایەتی و کارئاسانی بە گەنجان بەشێکی دینداریی و ئەم پرسیەش چەندە بە ئاسانکارییەوە ئەنجام بدرێت بەختەوەری زیاتری خێزانی و ئاشتی کۆمەڵایەتی زیاتری بە دواوەیە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، رووناکبیرەکانی، مارەیی مافەکی ئایینی ئافرەتە، بەنام پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئاماژەی بۆ داوە، کە بە خەرترین پرسی مارەبڕین ئەوەیە مارەییەکەی کەم بێت.